# سارتەر، ڕۆشنبیری بەرەنگار



## گفتوگۆ لەگەڵ کۆمەڵناس، ئیمانوێل مۆریم

وەرگێڕانی: وەلید عومەر

**پرسیار: با لێرەوە دەست پێبکەین، کتێبی (بوون و نەبوون)ی سارتەر چ جێگە و ڕێگەیەکی لە فەلسەفەی سارتەردا هەیە، و فەزای فیکری-فەلسەفیی کاتی نوسینی چۆن بوو؟**

جیا لە وتار و نوسینە کورتە فەلسەفییەکان، کتێبی "بوون و نەبوون" بە یەکەمین بەرهەمی سیستەماتیکیی فەلسەفیی سارتەر دادەنرێت. ئەم کتێبە کۆڵەکەی قوتابخانە فەلسەفییەکەی دادەڕێژێت و بنەما فەلسەفییەکانی، و فیکر و هەڵێنجان و تێگەیشتنی ئەو پێکدێنێت. لەبارەی ئەم بەرهەمەوە وتوویانە: «هیچکەس تا ئێستا، لەڕووی فەلسەفییەوە، وەها نەپەرژاوەتە سەر ئازادی». لەلایەکەوە دەبێت ئاگامان لەوە بێت کە سارتەر ئەم کتێبەی لە ساڵی ١٩٤٣ و گەرمەی جەنگی دووەمی جیهانی و ساتەوەختی داگیرکردنی فەڕەنسادا نوسی، و لەلایەکی تریشەوە دەبێت لە سیاقی قەیرانی فیکر و هۆشیاریی ئەورووپی تێیبگەین. ئەو قەیرانەی کە لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی و سەرهەڵدانی سیستەمە کۆمۆنیستی و فاشیستییەکان لەم قارەیەدا ڕوویدا. بەو جۆرەی کە [تیۆریزە] و بیرکردنەوە لەبارەی هەندێك پرسی وەك مانا و ڕەوایەتیی جەنگ، ئامادەیی مرۆڤەکان بۆ خۆقوربانیکردن لەپێناوی ئایدۆلۆژیاکان و بەها نامادییەکان و... چیتر وەڵامی خۆی لە چوارچێوەی ئایدیالیزمی کلاسیك و نیۆکانتیزم(کانتیزمی نوێ)دا نەدەدۆزییەوە.

دەبێت لێرەدا بەخێرایی ئاماژە بەوەش بدەین کە سارتەر لەبارەی لیۆن برۆنشفیگ، نوێنەری دیاری فەلسەفەی [ئایدیالیستیی] ئەو کاتەی فەڕەنساوە دەڵێت: «فەلسەفەکەی ئەو هیچ نیە جگە لە وەرگرتن لە پێدراوەکانی دونیای دەرەوەوە، هەرسکردن و هەلمژینیان لە ڕۆح و زەینی مرۆڤدا، لەبەر ئەمە بوو نەیدەتوانی ئەو تۆفانە لێکبداتەوە کە ڕوویکردبووە ئەورووپا». بەم هۆیەوە سارتەر ڕوویکردە فەلسەفەی ئەو سەردەمەی ئەڵمانیا و لێرەوە کەوتە ژێر کاریگەریی ئیدمۆند هۆسێرڵ [و بەشێك لە فیکری فەلسەفیی] مارتن هایدگەرەوە و ئیلهامی لێ وەرگرتن.

**پرسیار: تێگەیشتنەکانی ئەم دوو فەیلەسوفە، چۆنچۆنی لە کتێبی "بوون و نەبوون"دا ڕەنگیدایەوە؟**

و: سارتەر لە هۆسرێڵەوە هەردوو چەمکی ترانسێندێنس(transcendance) و نیەتمەندی (Intentionality) وەردەگرێت. ترانسێندێنس، ئەو جووڵەیەیە کە ڕووەدەکاتە بابەت و ئۆبێکت وەك شتێك کە کەوتۆتە دەرەوەی زەینەوە، و زەین و ئاگایی و چالاکیە زەینییەکان پێکدێنێت. بەم شێوەیە، زەین و ئۆبێکت دەکەونە پەیوەندییەوە لەگەڵ یەکتردا. بە دەربڕینێکی تر، ترانسێندێنس، جووڵەیەکە کە زەین بەهۆیەوە ڕاستەوخۆ ڕووەدەکاتە ئۆبێکتەکەی دەرەوەی خۆی. ئەو ئۆبێکتەی کە هاوکات بەستراوەتەوە بە چالاکیە زەینییەکەوە. لە پەیوەندییەکی لەم جۆرەدایە کە زەین خۆی درووستدەکات. گەر ئەم خاڵە لەبەرچاوبگرین، ئەوا هاوکێشە بەناوبانگەکەی هۆسرێڵ لەبارەی نیەتمەندییەوە مانای خۆی وەردەگرێت: «هەر ئاگاییەك، ئاگاییە دەرهەق بە شتێك/ئۆبێکتێك» . بەم شێوەیە، ئاگایی بریتییە لەو ڕووناکییەی کە زەین دەیخاتە سەر ئۆبێکت. بە مانایەکی تر، دەیکاتە ئامانجی خۆی و ڕۆشنیدەکاتەوە و دەیکات بە شتێکی قابیلی ناسین. لێرەدا ئەوەش بڵێین، کە سارتەر لەژێر کاریگەریی هایدگەردا وردەوردە لە هۆسرێڵ دووردەکەوێتەوە.

سارتەر ئەم چەمکانە لەهایدگەر قەرزدەکات: بوونی نازەروور(contingence)، ئیگزیستانس، ڕەسەنێتی(authenticity)، نارەسەنێتی(inauthenticity). هەروەها چەمکە بنەڕەتییەکانی وەك (بوون، نەبوون، کات)یش. دیارە نابێت لەبیرمان بچێت کە ئەم قەرزکردنە بە مانای قبوڵکردنی بێچەندووچوونی ئەم چەمکانە نیە. لەڕاستیدا، سارتەر لە دەزگا [چەمکایەتی و] فەلسەفییەکەی خۆیدا مانای تریان پێدەدات و جاروبار لە بنەچە و زاگە سەرەتاییەکانیشیان دووردەکەوێتەوە.

سارتەر جارێك بوون بە "بوون لەخۆدا" (Being-in-itself)دادەنێت، و جارێکیش بە "بوون بۆ خۆ"( being-for- itself). "بوون لە خۆدا" بریتییە لە بوونی نازەروور [و شتی بێگیان]، و "بوون بۆ خۆ"ش بریتییە لە ئاگایی. لەڕاستیدا "بوون بۆ خۆ" کە بە مانای ئاگاییە، جەوهەرەکەی ئازادییە و ئازادییش لەسەرەتاوە بە مانای مەوداوەرگرتنی مرۆڤ دێت لە خودی خۆی. «مرۆڤ ئەو شتەیە کە خودی خۆی نیە، و ئەوە خودی خۆیشی نیە کە ئەوە». پاشان بە مانای مەوداوەرگرتن دێت لەنێوان مرۆڤ و شتەکانی چواردەوریدا. ئەو شتانەی کە مرۆڤ بەهۆی پراکتیکی خۆیەوە، لەسەرەتاوە نەفییان دەکات و دەیانگۆڕێت و دواتر دەیخاتە خزمەتی بوون و ژیانی خۆیەوە. سارتەر دەڵێت «مرۆڤ پرۆژەیە». پرۆژە لێرەدا بە مانای جووڵان و بازدان دێت بۆ پێشەوە و ئەم پرۆسانە ناودەنێت نیهیلەیشن nihilation کە هەر بە مانای نەبوون دێت. بۆ نمونە کرێکار، "بوون بۆ خۆ"یە، مادەی خاو (واتە، بوون لەخۆیدا) بەدەستەوە دەگرێت و کاری لەسەر دەکات و گۆڕانی بەسەردا دێنێت، واتە نیهیلیزەی دەکات(بە نەبوونی دەکات). خەباتی سیاسییش لە دۆخێکی دیاریکراودا، دەبێتە نیهیلەیشن. لەڕاستیدا مانگرتن بە پرۆسەیەکی سەر بە نیهیلەیشن دادەنرێت چونکە کەسی مانگرتوو واتە "بوون بۆ خۆ"، هەلومەرجی کار واتە "بوون لەخۆیدا" قبوڵناکات، و هەوڵدەدات بیگۆڕێت واتە نیهیلیزەی بکات. ئەم پرۆسانە، بە پرۆسەی ئازادی دادەنرێن [چونکە ئازادی جۆرێکە لە نەفی و نەبوونە و بۆشایی درێژەپێدەر].

**پرسیار: سارتەر چ تێگەیشتن و هەڵێنجانێکی بۆ چەمکەکانی ئازادی، هەڵهاتن لە ئازادی، هەڵبژاردن و دڵەڕاوکێ هەیە؟**

چەمکی ئازادی لای سارتەر، لە گوزارەی *بوونم هەیە/ئازادم* دا خۆی دەنوێنێت. هەبوون واتە ئامادەبوون لە جیهاندا، خۆدرووستکردن، و مۆرلێدانی خۆت لەسەر شتەکان و دیاردەکان. ئازادی ئەو توانستەیە کە ئاگایی لەبەردەستدایە بۆ نیهیلەیشن، واتە بەدیارخستن و بەدیهێنانی نەبوون. هەر بەو جۆرەی کە سپینۆزا دەڵێت: هەر پێناسەیەك لە نەفییەوە دەستپێدەکات. بۆ پێناسەکردنی مێز، سەرەتا دەبێت بڵێیت مێز چی نیە، نەفی ئەمەیە. سارتەر، ئازادیی ئەو مرۆڤە کە لە جیهاندا وێڵکراوە [و فڕێدراوەتە جیهانەوە] بە بێمەرج(unconditional) دەزانێت و ئاسۆی ئیمکانە کراوەکان بەڕوویدا بە شتێکی ناکۆتا دەزانێت. ئەم تێگەیشتنە بۆ ئازادی، هەر ئەو گەڕانەوە مێژووییەیە بەرەو ئەو مرۆڤەی کە هەم ئازادە بەدەستی خۆیەوە، و هەم ملکەچی خۆیشیەتی، و بیرخەرەوەی مرۆڤە لە دۆخی سرووشتیدا(کە هۆبز و جۆن لۆك باسیان لیوە کردووە).

هەروەها ئازادی بە مانای هەڵبژاردن و تێکەڵکردنی خەسڵەتەکانیش دێت. سارتەر، ئایدیای هەڵبژاردن(انتخاب) بەهۆی ئایدیای ئاگاییەوە پێناسەدەکات. بێمەرجبوونی ئازادی، هۆکاری دڵەڕاوکێ و دەرفەتی هەڵبژاردنی نێوان

ئیمکان و ئەگەرەکان، سەرچاوەی دڵەڕاوکێیە و دڵەڕاوکێش لە هەڵبژاردندا، خۆی دەرخەری ئازادییە. هەموومان ئازادی لەگەڵ دڵەڕاوکێدا ئەزموونەکەین، واتە ئەو هەستە میتافیزیکییەی کە ئازادیی بێمەرج و ئیمکانی هەڵبژاردن لەناوماندا دەیجووڵێنێت. لە هەرکوێ ئازادی هەبێت، بەناچاری زەروورەتی هەڵبژاردنیش دێتەئاراوە. مرۆڤ لەڕێگەی دوو جۆر بوونەوە(کە پێشتر باسمانکرد) خەسڵەت دەبەخشێتەخۆی و خۆی پێناسەدەکات. لە دیدی سارتەرەوە، مرۆڤ مەحکومە بە ئازادی و هەڵبژاردن.

**پرسیار: بەڵام بۆچی ئەم مرۆڤە کە مەحکومە بە ئازادی و ئازادبوون، لە ئازادی هەڵدێت؟**

وەك وتمان، ئازادیی بێمەرج و هەڵبژاردن، دڵەڕاوکێ درووستدەکات [دیارە دڵەڕاوکێ تەنیا چەمکێکی دەروونی نیە]. مرۆڤ بۆ هەڵهاتن لە دڵەڕاوکێ، دەست بۆ هەندێك کاری وەك بڕوای خۆفریودان و ئەویترفریودان دەبات [کە سارتەر پێی دەڵێت بڕوای خراپ Bad faith]. سارتەر لە کتێبی "بوون و نەبوون"دا بەشێوەیەکی بەرفراوان ئاوڕیداوەتەوە لە باسکردنی فینۆمینۆلۆژییانەی ڕەفتارە ڕەسەن و ناڕەسەنەکان، واتە بڕوای خراپ: ئەگەر لە جێیەکدا کە پێویست بکات دەستبەدینە هەڵبژاردن، و لە هەڵبژاردنەکە هەڵبێین، یان لە هەڵبژاردنەکەدا ساختەکاری بکەین، ئەوا بووینەتە هۆکاری خۆفریوادن و بڕوای خراپ، کە لەڕاستیدا دەرکەوتەیەکی تری "ناڕەسەنێتی"یە. بۆنموونە، فەڕەنسا لەبەردەم داگیرکاریی ئەڵمانیای نازیدایە، و هەر تاکێك لەبەردەم سێ هەڵبژاردندایە: ١) دژی داگیرکەر بەرەنگاری دەنوێنێت ٢) هاوکاریی داگیرکەر دەکات ٣) لەم دوو بژاردەیە هەڵدێت و ڕێگای خۆزدینەوە لە کردەوە و پراکتیك دەگرێتەبەر. لە هەر سێ بژاردەکەدا، ئازادییەکەی ئەو بەستراوەتەوە بە یەکێك لە بژاردەکانەوە. بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت کە هەر بژاردەیەك، باجی خۆی هەیە. بژاردەی بەرەنگاری، مەترسیی دەسگیرکردن، ئەشکەنجە و تەنانەت مردنیش لەگەڵ خۆیدا دێنێت. هاوکاری لەگەڵ داگیرکەردا، کۆمەڵێك پاشهات و دەرەنجامی بۆ خۆی و خانەوادە و نیشتمانەکەی هەیە. بێلایەنی و ڕاکردن لە هەڵبژاردنیش، خۆی جۆرێکە لە هەڵبژاردن، لەڕاستیدا هەڵنەبژاردن جۆرێکە لە هەڵبژاردن، واتە کۆمەککردن بە دۆخی باڵادەست، واتە کۆمەك بە بەردەوامبوونی داگیرکاریی وڵاتەکە. لەم نموونەیەدا، بژاردەکانی دووەم و سێیەم، بژاردە و هەڵبژاردنی درۆیینەن، دەرکەوتەی ناڕەسەنێتی و هەڵهاتنن لە ئازادی.

مادام هەر هەڵبژاردنێك، کۆمەڵێك پاشهات و باجی هەیە و جاروبار قبوڵکردنی بەرپرسیارێتییەکی قورسە، ئەوا سەرچاوەی دڵەڕاوکێیە. بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخە قورسە و هەڵهاتن لە بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی، ئاسانترین شت بریتییە لە ڕاکردن لەژێر بەرپرسیارێتی و خستنەئەستۆی ئەویتر. لابردنی بەرپرسیارێتی، بە بیانووی پەیڕەوکردنی فەرمانی سەرەوەی خۆت، نموونەیەکی ڕوونێتی. نموونەیەکی تر: ئەو کەسەی لەجیاتیی خوێندنەوە و شیکردنەوەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی، ڕێگەیەکی سادەی وەك "تیۆری پلانگێڕی" دەگرێتەبەر، یان لەبری گەڕانی بەئاگایانە و بەدەستهێنانی هۆشیاری لەبارەی بابەتێکەوە، بەدوای دەنگۆی ئەم و ئەو بکەوێت یاخود کوێرانە بەها و دۆگمەکانی دەزگایەکی ئایدۆلۆژی و عەقیدەیی قبوڵبکات، ئەوا تووشی بڕوای خراپ بووە؛ تاکو خۆی لە دڵەڕاوکێی هەڵبژاردن و ناڕەحەتیی بەدواداچوونی ئارامگرانە ڕزگاربکات.

**پرسیار: ئێستا دەگەینە سەر کتێبی** "بوونگەرایی، مرۆگەراییە".

سارتەر لەم کتێبەدا، دەستدەداتە تەرحکردن و پەرەپێدانی چەمکی ئیگزیستانس. دەڵێت، بوونی مرۆڤ دەکەوێتە پێش ناوەڕۆك و جەوهەریەوە. واتە مرۆڤ ناوەڕۆك و جەوهەرێکی پێشوەخت و پێشدانراوی نیە، و جەوهەرەکەی لەپاش بوونیەوە درووستدەبێت. لێرەدا هەندێك لە ئایدیای هیومانیستەکان دەگرێتەخۆی و پەرەیان پێدەدات، بۆنمونە، ئەم وتەیەی ئیراسمۆس کە دەڵێت: «مرۆڤ، بەمرۆڤی لەدایکنابێت، بەڵکو دەبێت بە مرۆڤ».(سیمۆن دۆبوڤواریش هەمان ئایدیا لە ئیراسمۆسەوە وەردەگرێت و دەڵێت: ژن، بەژنی لەدایکنابێت، بەڵکو دەبێت بە ژن). یان ئەم وتەیەی پیکۆ میراندۆلا کە دەڵێت: «مرۆڤ بەدرووستی...خۆی درووستدەکات، خۆی پەروەردەدەکات و ...خۆی دەگۆڕێت». بەهەرحاڵ، لەنێوان هەموو ئیگزیستانسەکاندا، بوونێکی تایبەت بەناوی مرۆڤەوە دەبینرێت کە سیفەتی نەفی و نیهیلەیشنی هەیە، واتە بوونێك بۆ خۆ، کە وەکو مادەی خاو سەیری "بوونە لە خۆداکان"ی تر دەکات بۆ گۆڕینی. سارتەر، بوون بە پرۆژەیەك دەزانێت بۆ ئاینده.

**پرسیار: ئەو ڕەخنە بنچینەییانەی کە لەم کتێبە گیران، چی بوون و لە کوێوە بوون؟**

لەلایەن مەسیحیەت [و هەندێك دەنگی ناو] مارکسیزمەوە. بیرمەندانی مەسیحی، هەردوو ئایدیاکەی سارتەیان دایە بەر ڕەخنە: بوون دەکەوێتە پێش ناوەڕۆکەوە، مرۆڤ وەك داهێنەری خۆی. یەکەم ئایدیایان بە نەفیکردنی ڕۆحی مرۆڤ و داماڵینی فەزیلەت دادەنا کە سەردەکێشێت بۆ فەوزای ئەخلاقی، و دووەم ئایدیاشیان بە ڕەتکردنەوەی دۆکترینە بنەڕەتییەکەی مەسیحیەت دەزانی سەبارەت بە خیلقەت(درووستبوونی مرۆڤ). [هەندێك لە مارکسییەکان بوونگەراییان بە جۆرێك لە ئایدیالیزم دەزانی. دەیانوت ١) سارتەر، مرۆڤ بە [سوبێکتێکی] ئازاد دەبینێت، لەکاتێکدا مرۆڤ گیرۆدەی کۆمەڵگای سەرمایەدارییە ٢) گەرچی ناوەڕۆك و جەوهەرێکی پێشوەخت و پێشین قبوڵناکات، بەڵام برواببوون بە ئازادیی بێمەرج خۆی جۆرێکە لە ناوەڕۆك و جەوهەرگەرایی. ٣) جیاکردنەوەی بوون و ناوەڕۆکی مرۆڤ لەیەکتر، ناکۆکییەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری پیشاندەدات کە تیایدا مرۆڤ لە خۆی نامۆدەبێت ٤) دڵەڕاوکێ نەخۆشییەکی تایبەتی مرۆڤی بۆرژوازییە و بەهۆی هەڵهاتن لە شۆڕشەوە تووشی دەبێت، چونکە ئەو مرۆڤانەی کە بەهۆی کردەوە و پراکسیسەوە خۆیان درووستدەکەن هەرگیز تووشی دڵەڕاوکێ نابن ٥) مارکس دەڵێت، کاتی ئەوە هاتووە لەجیاتیی تەفسیرکردنی جیهان، جیهان بگۆڕین؛ بەڵام گوایا سارتەر دەیەوێت بە یارمەتیی فەلسەفەکەی هەروا تەفسیری جیهان بکات.

**پرسیار: ئاگادارین کە دوای کۆتاییهاتنی جەنگ[ی دووەمی جیهانی] و بەزاندنی فاشیزم کە سۆڤیەت ڕۆڵێکی گرنگی تیا بینی، ئەم وڵاتە و ستالین خۆیشی، لەناو خەڵکی ئەورووپادا بوون بە خاوەنی ڕێز و ئیعتیبارێکی زۆر. حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنساش بەهۆی ئەو ڕۆڵەوە کە لە شەڕی دژەفاشیستیدا هەیبوو ئیعتیبارێکی بەرچاوی پەیداکرد و زۆرێك لە ڕۆشنبیرە ناودارەکان چوونەپاڵی، پەیوەندیی سارتەر بەکۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنساوە چۆن بوو؟**

با سەرەتا ئاوڕ لە پەیوەندیی سارتەر بدەینەوە لەگەڵ مارکسیزمدا. هەوڵ و خەلاقیەت و بلیمەتیی سارتەر لەوەدا بوو کە وەك مادەیەکی خاو سەیری هەموو شتێك و تەنانەت فیکرو بیرکردنەوەشی دەکرد، کە دەتوانیت بە ویستی خۆت ئەمدیواو دیوی بکەیت و تێگەیشتنی تایبەتی خۆتت بۆی هەبێت. لەڕاستیدا سارتەر هەوڵیدەدا بەهۆی

بوونگەراییەکەی خۆیەوە، خۆراکێك بداتە مارکسیزم. بەم ئاراستەیەدا، سەرەتا هەوڵیدا لە دۆگماتیزم و وشکییەکەی کەمبکاتەوە، و پاشان ئەو چەمکە تازانەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بخاتە سەر مارکسیزم کە لە کایەی شیکردنەوە مارکسییەکاندا بوونی نەبوو. مارکسیزم لە شیکردنەوەی ئەو دیاردە تازانەدا بێتوانا مابووەوە کە لە گەشەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژئاواوە سەرچاوەی دەگرت(بەتایبەت لە ئەمریکا).

سارتەر سەرەتا تێکۆشا ئەم چەمکە تازەدەرکەوتووانە بباتە ناو دەزگای بیرکردنەوەی خۆیەوە، و بەهۆی ڕەخنەکردنیانەوە بە شێوازەکەی خۆی، تاقیبانبکاتەوە و هەندێ جاریش بە ڕوویاندا بوەستێتەوە. بۆنمونە دەروونشیکاری یەکێکە لەوانە. لەوێوە کە دەروونشیکاری لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا گۆڕابوو بۆ قوتابخانەیەکی تایبەت، سارتەر هەندێك ئایدیای لێوەرگرت، ڕەخنەی هەندێکیانی کرد و هەندێکیشیانی ڕەتکردەوە وەك (نەست یان ناخودئاگا)، و لەجیاتیی ئەوە دەروونشیکاریی بوونگەرایی داهێنا. [سارتەر وەك سوبێکتێکی ئازاد و ئاگامەند سەیری مرۆڤی دەکرد، نەك وەك سوبێکتێکی نائازاد کە نەست حوکمی دەکات بەو جۆرەی لە دەروونشیکارییدا باسدەکرێت]. بۆنمونە، هەوڵیدا ئەنترۆپۆلۆژیاکەی لیڤی شتراوس بخاتەسەر دەزگا فیکرییەکەی خۆی. لەو جێیەدا کە مارکسیزم لەئاستی شیکردنەوە بەرفراوانەکاندا دەچەقی، سارتەر دەیویست بەهۆی زیادکردنی شیکردنەوە ورد و فینۆمینۆلۆژییەکانەوە، بەپیت و دەوڵەمەندیبکات.

سەرەڕای ئەمە، گەیشتە ئەو باوەڕەی کە توانای درککردنی [ی فراوانتر] و لێکدانەوە بە مارکسیزم ببەخشێت. لە مشتومڕە بەناوبانگەکەیدا لەگەڵ ڕۆجیە گاروودی(تیۆریستی حیزبی کۆمۆنیستی فەڕەنسا)دا دەڵێت: دیالەکتیکی دۆگمایی مارکسی لەئێستادا، توانای لێکدانەوەی زۆرێك لە دیاردەکانی نەماوە. بۆنمونە، تیۆری ڕیالیزمی سۆسیالیستی، توانای شیکردنەوەی دیاردە ئەدەبی و هونەرییە مۆدێرنەکانی وەك قوتابخانەی شیوەکاریی ئیمپریسیۆنیزم و ئیکسپریسیۆنیزم و کوبیزم و مۆسیقای جازی نیە. سارتەر دەیوت، لەجیاتیی مامەڵەی دۆگمایانە و پێشوەختئامادەکراو و گەورە [و گشتی]، پێویستە لەبناغەوە دووڵانەوە هونەری و ئەدەبییەکان بپشکنین و بیانبەستینەوە بە شوێنکاتی سەرهەڵدانیانەوە، و سەربەخۆییەکی ڕێژەیی بۆ ئەدەبیات و هونەر لەبەرچاوبگرین. بۆنمونە، هەر هێندە بڵێین گۆستاف فلۆبێر نوسەرێکی بۆرژوایە، گەرچی درووستە بەڵام کافی نیە، و دەبێت دەریبخەین ئەم بلیمەتە بۆرژوایە چۆنچۆنی گەیشتووە بە خەلاقیەت و توانایەکی داهێنەرانەی وەها. پۆل ڤالێری بە نوسەرێکی وردەبۆرژوا دادەنێیت، بەڵام ئەی بۆچی هەموو وردەبۆرژوایەك نابێتە پۆل ڤالێری؟

سارتەر، هەوڵیدەدا بەپشتبەستن بە شیکردنەوە فینۆمینۆلۆژییەکان، جووڵانەوە و ململانێ کۆمەڵایەتییەکان لێکبداتەوە. تیۆری ململانێی چینایەتیی بە کافی نەدەزانی بۆ لێکدانەوەیان، و بەهۆی داهێنانی چەمکی "گرووپ لە ساتەوەختی یەکگرتندا"(group in fusion) شتەکەی کاملکرد. دەیویست بەهۆی شیکردنەوەی فینۆمینۆلۆژییەوە، چۆنیەتی گۆڕانی ویست و ئیرادە فەردییەکان بۆ ویست و ئیرادەی دەستەجەمعی پیشانبدات. بۆنمونە، دەربارەی پەلاماردانی زیندانی باستیل لەلایەن خەڵکی پاریسەوە دەڵێت، سەرەتا خەڵکەکە لە دەوری زیندانەکە کۆبوونەوە و پاشان ڕووبەڕووی هێزە سەربازییەکان بوونەوە. بەڵام بۆ ئەوەی گردبوونەوە سادەکەیان بگۆڕێت بۆ ڕوبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزی سەربازییدا، ئەوا دەبوو حەکایەتێکی قووڵتر لەودیوی ئەم گردبوونەوەیەوە ڕوویبدایە تاکو مەترسیی شەڕکردن و تەنانەت مردنیش قبوڵبکەن. لەڕاستیدا تاکەکەسەکان و گرووپەکان، بەپێی پەیمانێکی نەنوسراو لە

دەوری یەکتر کۆدەبنەوە، بەرهەڵستیدەکەن و سەرەنجام هەڵدەکوتنە سەر دوژمن، واتە دەبنە "گرووپ لە ساتەوەختی یەکگرتندا".

**پرسیار: پەیوەندیی سارتەر لەگەڵ ئۆردووگای کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیستی فەڕەنسادا چۆن بوو؟**

سارتەر لە بۆرژوازی بێزار بوو، و لەگەڵ ئیمپریالیزمیشدا دانووی نەدەکولا. هەر ئەمە بوو وایکرد بەرەو لایەنگرییەکی تاکرەهەندانەی کۆمۆنیزم بڕوات. لە ساڵی ١٩٤٥ تا ساڵی ١٩٦٨ کەمتازۆر بەرگریی لە ئۆردووگای سۆسیالیزم و یەکێتیی سۆڤیەت دەکرد، و دوای ئەوە ڕوویکردە کۆمۆنیزمی چینی و ماویزم. گەرچی ئاگای لە کەموکورتییەکان، نەبوونی ئازادی، کۆمەڵگای مەدەنیی کۆتکراو، بۆرۆکراسیەتی تاکحیزبی، تاوانە تۆقێنەرەکانی ستالین هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی بۆرژوازی و ئیمپریالیزمی بە دوژمنە سەرەکییەکە دەزانی، ئەوا هەرگیز وازی لە پشتگیریکردنی کۆمۆنیزم و ئۆردووگای سۆسیالیزم نەدەهێنا. وێڕای ئەمەش، هەندێك ڕەخنەی هەر لێدەگرتن. ئەو لەم تێگەیشتنەیدا، لەژێر کاریگەریی مێرلۆپۆنتیدا بوو. مێرلۆپۆنتی بەر لە دابڕانی لە کۆمۆنیزم، لەپێشەکیی کتێبی (هیومانیزم و تیرۆر) ئەو پرسیارە دەخاتەڕوو کە ئایا ئەو کۆمۆنیزمەی ئێستا، لەگەڵ نیەت و مەبەستە ئینسانییە بەراییەکانی خۆیدا یەکدێتەوە و دەگونجێت؟ [سارتەر] لە وەڵامدا، زەبروزەنگ و تیرۆری ستالینی بەراورد دەکات بە هیومانیزمی ڕیاکارانەی بۆرژوازی، و دەڵێت: لەپشت پرەنسیپ و مافەکانی دیموکراسیی لیبراڵییشەوە واقیعی چەپەڵی توندوتیژی خۆی حەشارداوە، و دەشڵێت: گەرچی لە حکومڕانیی ستالیندا گوشار و سەرکوت و خەفەقان هەیە، بەڵام مادام ئەم سیستەمە گرەوی خۆی لەسەر ئایندەی مرۆڤایەتی کردووە، ئەوا مافی ئەوەمان نیە پەنا بۆ ئۆردووگاکەی بەرامبەری ببەین [کە ئۆردووگای بۆرژوازییە].

پەرچەکرداری سارتەر دەرهەق بە ڕاپۆرتەکەی خرۆشۆف(خرۆشچۆف)، نموونەیەکی ئاشکرای ئەم ڕوانگەیەی ئەو دەردەخات. هەموو دەزانین خرۆشۆف لە ڕاپۆرتێکی نهێنیدا کە لە کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کۆمۆنیستی [سۆڤیەتدا] خستیە بەردەم نوێنەرانی حیزب، تاوانە ترسناکەکانی ستالین و شەخسیەتپەرستیی ئەوی ئاشکراکرد. مارك فیرۆن مێژوونوسی فەڕەنسی، لە کتێبەکەیدا(نابینایی)دا باس لەوە دەکات کە سارتەر لەو ڕووەوە دژایەتیی بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاپۆرتەی دەکرد کە دەترسا لە قازانجی بۆرژوازی کۆتایی بێت، و هەم بچێتە خزمەتی نەیار و ناڕازییەکانی ناو ئۆردووگا[ی سۆسیالیستییشەوە] .

سارتەر لە کتێبی "کۆمۆنیستەکان و ئاشتی"دا لەبارەی حیزبی کۆمۆنیستەوە دەڵێت، ناتوانرێت بەبێ حیزبی کۆمۆنیست کۆتایی بە چەوساندنەوە و سیستەمی چینایەتی بهێنرێت. سەرەنجام، بەبێ ئەوە ببێتە ئەندامی حیزب، مەودای دەپاراست و پشتگیریشی دەکرد. هەڵبەت ئەو لەودیوی حیزبەکان و تاقمە چەپەکانەوە بیریدەکردەوە. ڕیمۆن ئارۆن دەڵێت، سارتەر ڕۆشنبیرێکە کە دەیەوێت بەبێ مەترسی، دونیا لە ئۆفیسەکەی خۆیەوە بگۆڕێت. لە هەمان کتێبدا ئەوەش دەڵێت کە سارتەر لەبەرامبەر بۆرژوازی و ئیمپریالیزمدا، هیچ چارەیەکی نەدەبینییەوە جگە لە هاوکاریکردنی کۆمۆنیستەکان. ئەو، چینی کرێکاری دەبەست بە حیزبی کۆمۆنیستەوە و تا ئەو جێیەش دەچووە پێش کە حیزبی کۆمۆنیست(ئەندامان، لایەنگران و دەنگدەرانی حیزب) لەگەڵ چینی کرێکاردا بەیەکێك دابنێت، چونکە لە دیدی ئەوەوە کرێکاران بەبێ حیزبی کۆمۆنیست هیچ نین. مێرلۆپۆنتی لەم بارەیەوە دەیوت، تەنانەت سارتەر لە تیۆرە لینینییەکەی حیزب-وەکو پێشەنگ و نوێنەری چینی کرێکار- زیاتر دەڕواتە پێشەوە و گەیشتووە بە

حیزب/چین. هەر ئەو لە کتێبی (سەرکێشییەکانی دیالەکتیك)دا سارتەر بە "ئۆڵترا-بەلشەفیك" ناودێنێت. [واتە تێگەیشتنی بەلشەفیکە رووسەکانی بۆ شۆڕش و ململانێی چینایەتی تێپەڕاندووە و لەوان ڕادیکاڵتر بیردەکاتەوە]. سارتەریش لە وەڵامیدا دەڵێت: من درێژە بە تێزەکانی ناو کتێبەکەی تۆ دەدەم، کتێبی هیومانیزم و تیرۆر. من درێژە بە هەمان ڕێگەی تۆ دەدەم، بەڵام تۆ بە لاڕێدا ڕۆیشتوویت.

**پرسیار: سارتەر چ بۆچوونێکی لەبارەی دیموکراسییەوە هەبوو؟**

بەدەر لە هەڵبەزودابەزی پەیوەندیی سارتەر لەگەڵ کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسادا، ڕوانگەی ئەو لەبارەی دیموکراسییەوە، لای خوێنەری ئەمڕۆ کێشەدار و سەیر دەردەکەوێت. ئەو هەمیشە نەیاریێتیی خۆی لەگەڵ دیموکراسیی لیبراڵی‌دا(کە پێی‌دەوت دیموکراسیی بۆرژوازی) دەردەخست. دیموکراسیی بۆرژوازیی بە فریوێکی ئایدۆلۆژی دەزانی لەپێناوی شاردنەوەی ستەم و چەوساندنەوەدا، و ئامانجی دیموکراسیی نوێنەرایەتی و هەڵبژاردنی ئازادی بە پچڕاندنی هاوپشتیی هاوڵاتیان دەزانی. چونکە سیستەمێکی لەم جۆرە، مرۆڤەکان دەکاتە ئەتۆم و گەردیلە و خانەی لێکدابڕاو، و بەرەو بە**شت**بوون و چەقبەستوویی و سەرەنجام «بوون لەخۆدا» یان دەبات. کابینەی دەنگدانی ناو هۆڵی دەنگدانەکەی بە هێمای ئەو شتە دەزانی. تاکەکەس هەرکە دەنگەکەی خۆی خستە ناو سندووقی دەنگدانەوە، ئیتر خۆی دەخاتە خزمەتی سەرۆکە هەڵبژێراوەکانەوە و حکومڕانی و دەسەڵات بەو نوێنەرانە دەبەخشێت کە بە هەوەسی خۆیان ئیش بەو دەنگە دەکەن. لە دیدی ئەوەوە، بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، ڕەوایەتیدانە بەسیستەمی بۆرژوازی و تەسلیمکردنی فەرمانڕەواییە بە چینی باڵادەست. ئەم تێزانە لە تێزەکانی لینین دەچن سەبارەت بە دیموکراسیی لیبراڵی کە [لینین] پێی‌دەوت دیموکراسیی بۆرژوازی.

سارتەر بڕوای بە دیموکراسیی ڕاستەوخۆ هەیە کە تیایدا کەسەکان بەشێوەیەکی ئازادانە-نەك بە شێوەی دەنگدان-، و بەهۆی بەرزکردنەوەی دەستیانەوە بەڵێن‌دەدەن، هەرجارێك "پەیمانی کۆمەڵایەتی" دێننەدی و بەم جۆرە «گرووپ لە ساتەوەختی یەکگرتندا» پێکدێنن. لە کۆمەڵگای بۆرژوازییدا، هاوڵاتیان مافێکی دامەزراوەیی ئەبستراکتیان هەیە کە خۆی نیشانەی بە**شت**بوون [و بەکاڵابوون]ــە. حیکمەتی دەنگدان لەم جۆرە کۆمەڵگایەدا، ڕەقبوون و بەرجەستەبوونی ئاگاییە تەنیاکانە. ئەو ئازادییە بێ‌مەرجەی کە سارتەر مەبەستێتی، تەنیا بەهۆی توانەوە لە ئازادیی ئەوانیتردا دێتەدی.

**پرسیار: وا دەگەینە سەر کتێبی "ڕەخنە لە عەقڵی دیالەکتیکی".**

سارتەر لەم کتێبەدا، هەوڵدەدات هۆشیاریی مێژوویی و سەرهەڵدانی مێژوو، بەهۆی ڕەخنەکردنی هەندێك لە چەمکە مارکسییەکانەوە، و جیا لە ململانێی چینایەتی ڕوونبکاتەوە و تەفسیربکات. ڕەخنە لە "دیالەکتیکی سرووشت"ــی ئەنگڵس دەگرێت و لەو بڕوایەدایە دیالەکتیك تەنیا لە کۆمەڵگادا و لەو جێیەدا ڕوودەدات کە پەیوەندیی بە مرۆڤەوە هەیە. دیالەکتیك لە سرووشتدا بوونی نیە(بوون لەخۆدا). ئەو کاتەی ئاگایی(هۆشیاری) و سوبێکت دێتەئاراوە، دیالەکتیکیش دەکەوێتەگەڕ. لەوێدا کە ئاگایی، زەین، بوون بۆخۆ لەئارادایە، ئەوا دەتوانرێت باس لە دیالەکتیکیش بکرێت. سارتەر لە سێکوچکەی تێز، ئەنتی‌تێز، و سەنتێزدا؛ دوایین سەنتێز قبوڵناکات چونکە لە ڕوانگەی ئەوەوە پرۆسەی نەفی و نیهیلێشن هەر بەردەوامە. پرۆسەی دیالەکتیکی، هەرگیز ڕاناوەستێت، تەنانەت لە کۆمەڵگای ئایدیالیی کۆمۆنیستییشدا. بیرمانەچێت سارتەر لە کتێبی "ڕەخنە لە عەقڵی دیالەکتیکی"دا

ئایدیاکانی کتێبی "بوون و نەبوون" فرێنادات، بەڵکو کۆمەڵێك چەمکی فەلسەفیی تازەیان بۆ زیاددەکات، و دەستدەداتە نوێکاریی فراوانتر. لەم کتێبەدا دەڵێت، دەبێت وەها لە ئاگایی تێبگەین کە جەوهەر و ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە ئازادی، و نەفیکردنی وەستان و چەقبەستنە. هەروەها لە وەڵامی ئەو کەسانەشدا کە ئازادییەکەی ئەو بە ئازادیی ڕەها دادەنێن، و ئەگەری بەکارهێنانەکەی لە دەرەوەی هەر جۆرە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتییەوە دەبینن، ڕوونیدەکاتەوە و چەمکی ئازادیی بێمەرج فراواندەکاتەوە و دەڵێت، مرۆڤی ئازاد ئازادییەکەی خۆی لە دۆخ(situation)ـە دیاریکراوەکاندا دەستدەکەوێت، و ئازادی لە دۆخە [کۆنکرێتی و دیاریکراوەکاندا] دەپشکوێت.

**پرسیار: سارتەر لە دەیەی شەستدا، نوسینی ڕۆمان و شانۆنامە دەخاتەلاوە، و زیاتر ڕوودەکاتە چالاکیە ڕۆشنبیری و سیاسییەکان.**

بەڵێ، ئەو کاتە لەم دیدەی سارتەر باشتر تێدەگەین ئەوە بیری خۆمان بخەینەوە پراکتیك لە فەلسەفەکەی ئەودا، لە *بوون و نەبوون*ەوە تا *ڕەخنە لە عەقڵی دیالەکتیکی*، پێگەیەکی تایبەتی هەیە. لەنێوان چەمکەکانی *بوون، هەبوون*، و *دەستدانە کار* دا؛ سێیەمیان بە گرنگ دەزانێت. لە دەیەی شەستدا گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە وەختی کردار و پراکتیك هاتووە. بۆیە لێرەوە و لەدوای نوسینی کتێبی "وشەکان"ـەوە ئەدەبیات لەپێناوی ئیشی ڕۆشنبیری و سیاسییدا دەخاتەلاوە. دیارە دەست لە ڕەخنە[ی ئەدەبی] هەڵناگرێت و دەتوانین ئاماژە بۆ کتێبەکەی بکەین لەبارەی گۆستاف فلۆبێرەوە.

**پرسیار: ئەگەر کۆك بیت لەگەڵم، باسی پێگەی سارتەر دەکەین لە ئەدەبدا.**

بەڵێ، سارتەر لە وتاری "بەرگری لە ڕۆشنبیران"دا، ڕۆشنبیر بەو کەسە دەزانێت کە مەعریفەیەکی عەمەلیی هەبێت. ئەم مەعریفە عەمەلییە، لە ناواخنی زانستی و تەکنیکیی خۆیدا خەسڵەتێکی چینایەتیی تایبەتی نیە، بەلام بەرژەوەندییەکانی بۆرژوازی ڕێ لە گەشە و فراوانبوونەوەی دەگرێت و مەرجی بۆ دادەنێت(بۆنمونە، تەرخانکردنی بوجەی زیاتر بۆ چەکسازی نەك لێکۆڵینەوە). لەم ڕووەوە، ئەگەر خاوەنی ئەم جۆرە مەعریفەیە، واتە ڕۆشنبیر، بیەوێت مەعریفەکەی جیهانی بکاتەوە ئەوا پێویستە ئەو ئایدۆلۆژیا بۆرژوازییە تایبەتمەندەی لەپشتیەوە خۆی شاردۆتەوە ئاشکرابکات. لەکتێبی (ئەدەب چیە؟)دا، ئاشکراکردن و هەڵماڵین بە وەزیفەی ئەدەب دادەنێت. لەڕاستیدا بەرهەمی ئەدەبی، دەرکەوتەی خەیاڵیی ئەم ئاشکراکردنەیە. بە دەربڕینێکی تر، ئەدەب، داوای ئازادیی ئینسان دەکات. بەلام ئەی ئازادی چیە؟ نوسەری مولتەزیم و بەرپرس دەزانێت قسە و گوفتار بۆخۆی کردە و پراکتیکە. دەزانێت ئاشکراکردن، واتە گۆڕین. دەزانێت بەبێ پرۆژەسازی، ئەگەر و ئیمکانی گۆڕانکاری بوونی نیە.

سارتەر وەکو کەرەستەیەك سەیری شانۆنامە و شانۆ و تەنانەت ڕۆمانیش دەکات کە بەهۆیەوە ئایدیا فەلسەفییەکانی خۆی (ئازادی، هەڵهاتن لە ئازادی، هەڵبژاردن، دڵەڕاوکێ و...) لە دۆخە کۆنکرێتی و دیاریکراوەکاندا جێگیربکات، و پەردە لەسەر جیهان و کێشەکانی هەڵماڵێت، و ئاشکرای بکات. لەم ڕووەوە، بەشێکی بەرچاو لە چالاکیی ئەدەبیی خۆی لە شانۆدا چڕکردوە، و شانۆی بە (دونیای پەستێنراوی چەمکەکان) ناوبرد. لە سەر سەحنەی شانۆدایە کە پیشانیدەدات ئازادی هەمیشە لە دۆخە دیاریکراو و کۆنکرێتەکاندا بەکاردەبرێت. هەروەها هەولێدەدا بەهۆی شانۆوە ئەو ساتە هەستیارانە پیشانبدات کە مرۆڤ ئازادانە هەڵیدەبژێرێت و لەسەر هەڵبژاردنەکەی خۆی دەوەستێت، و ئازادی و هەڵبژاردنی خۆی دەردەخات. لە شانۆنامەی "دەستە پیسەکان"دا هۆگۆی ڕۆشنبیری بۆرژوا، تاکو لە منالییەوە بگات بە باڵقبوون و پێگەیشتنێکی مێژوویی. گۆتیز لە سانۆنامەی "شەیتان و خودا"دا، خەون بە سوتاندنی شارێکەوە دەبینێت کە گەمارۆیداوە تاکو جێی لوسیفر (شەیتان) بگرێتەوە.

لە ڕۆمانی "هێڵنج"دا ڕۆکانتێن کە بە تاقیتەنیا و بە دڵەڕاوکێوە لەناو بوونێکی پڕ لە [شمەك و] "بوون لەخۆدا"دا گیریخواردووە، بەدوای ئازادیی خۆیدا دەگەڕێت تاکو لەگەڵ ڕەسەنێتییە ئینسانییەکەیدا بێتەوە.

دەتوانین بڵێین، لە هەموو شانۆنامەکانیدا، بەدوای وەڵامێکدا دەگەڕێت بۆ پرسیارە بنەڕەتییەکانی فەلسەفەکەی خۆی. کارەکتەرەکانی، کە دەکەونە بەردەم ئەم جۆرە پرسیارانەوە، دەیانەوێت خۆیان لە داوی دڵەڕاوکێ، ناڕەسەنێتی و هتد بپارێزن. بۆنموونە، هۆگۆ لە "دەستە پیسەکان"دا لە خۆی دەپرسێت: «ئایا مافی ئەوەم هەیە داوای ئەو شتە بکەم کە دەمەوێت؟ ئایا لە ناو ڕۆڵ و گەمەیەکی کۆمیدییدا نیم؟ ئایا پێویستەکات فیکر و زیکری تر بخەمە ناو سەرمەوە؟ ڕێنماییەکان بەم جۆرەن: ئەم کارە بکە، ڕێ بکە، بوەستە، بڵێ. ئەرێ، من پێویستم بە فەرمانبردنە و هیچی تر». لێرەوەیە کە هۆگۆ بەبێ چەندوچوون دەستەداتە کوشتنێك. بەم جۆرە، بیر و ختوورەی لەم جۆرە، کارەکتەرەکانی سارتەر بەخۆیانەوە سەرقاڵدەکەن.

**پرسیار: هەر لەم دەیەیەدا، سەرهەڵدانی قوتابخانەی (بونیادگەری) دەبینین کە تەحەدای بوونگەراییەکەی سارتەری دەکرد.**

بونیادگەرەکان(لیڤی شتراوس، ژاك لاکان[بە وتەی ژیژەك بەهەڵە لاکان دەخرێتە ناو بونیادگەرەکانەوە]، ڕۆلان بارت، لویی ئالتۆسێر، میشێل فۆکۆ و هتد) لەو بڕوایەدا بوون کە مرۆڤ گیرۆدەی دەستی ئەو بونیادانەیە کە هەمیشە لەسەر زەین و ناو کۆمەڵگاکەیدا دەمێننەوە(بونیادە زمانییەکان، بونیادە دەروونییەکان و هتد). گەرچی ڕەنگە گۆڕان بەسەر ئەم بونیادانەدا بێت، بەڵام لە بنەڕەتەوە گۆڕانیان بەسەردا نایەت. مرۆڤ لە چوارچێوەی ئەم بونیادانەدا، ئیمکان و دەرفەتێکی ئەوتۆی نابێت بۆ گۆڕانکاریی بونیادی. بەم پێیە، سوبێکت یان مرۆڤ پێگەیەکی ئەوتۆیان لەم قوتابخانەیەدا نیە و تەنانەت دەتوانین بڵێین غایبن. دیارە تێگەیشتنی لەم جۆرە، بە هیچ جۆرێك لەگەڵ چەمکە فەلسەفییەکانی سارتەردا نایەتەوە وەك ئازادیی بێمەرج، هەڵبژاردن و بەرپرسیاری. سارتەر، قوتابخانەی بونیادگەری بە قوتابخانەیەکی تەکنۆکرات و بۆرژوازی و کۆنەپارێز دادەنێت کە سەرەنجام سەردەکێشێت بۆ نەفیکردنی ڕۆڵی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا، هەروەها نەفیکردنی جووڵە و گەشە و پێشکەوتن.

**پرسیار: مامەڵەی سارتەر لەگەڵ بزووتنەوەی ئایاری ١٩٦٨دا چۆن بوو؟**

ئەو بە جۆشوخرۆشەوە چووەپاڵ ئەم بزووتنەوەیە و وای دەبینی جۆرێکە لە [دەرکەوتنەوەی] ئایدیای "گرووپ لە ساتی یەکگرتندا". هەڵبەت دوو ڕووداو لەم ساڵەدا، بوونەهۆی هەندێك گۆڕان لە تێڕوانینی سارتەردا: یەکەمیان، ئەو کاتەی حیزبی کۆمۆنیستی فەڕەنسا نەچووە پاڵ بزووتنەوە خوێندکارییەکە، و دژی وەستایەوە. ئەم هەڵوێستە[ی حیزب] بووەهۆی دابڕانی ئەو لە حیزبی کۆمۆنیست. دووەمیش، هێزەکانی پەیمانی وارشۆ، چیکۆسلۆفاکیایان داگیرکرد، دەوڵەتە ڕیفۆرمیستەکەیان لەناوبرد و پرۆسەی چاکسازییان وەستاند. لەمە بەدواوەوە، سارتەر لە ئۆردووگا سۆسیالیستییەکەی سۆڤیەت دووركەوتەوە. ئەودەم شۆڕشی کەلتوریی پرۆلیتاریی "چین" لەئارادا بوو، و هەندێ لە ڕۆشنبیرە چەپەکان شەیدای ببوون. سارتەریش ڕوویکردە ماویزم. پاشان بەهۆی گیرفانی خۆیەوە ڕۆژنامەی (لیبراسیۆن)ی دامەزراند و هەوڵیدا بیکاتە زمانحاڵی شۆڕشگێڕان. ئەم ئیشەی ئەو، بیرخەرەوەی «لیڤایاتانی مۆدێرن»ـە.

**پرسیار: بەم جۆرە سارتەری بەساڵاچوو، چووەپاڵ چەپی توندڕەو.**

بەڵێ، ئەو چووەپاڵ ئەو ماویستانەی کە دەیانوت بۆرژوازی(لەدوای سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ١٩٦٨ـەوە) هەروەکو فاشیزم وایە، و دەیانویست بەهۆی چاولێکردنی بزووتنەوەی بەرەنگاریی میللی لە سەردەمی داگیرکردنی فەڕەنساوە، بزووتنەوەیەکی بەرەنگاریی نوێ بخەنەگەڕ. لەژێر کاریگەریی تیۆرە ماوییەکاندا دەیانوت، پێویستە بزووتنەوەیەکی

گشتگیری جەماوەری بخەینە سەرپێ. شیاوی باسە، ئەو کاتەی کە گرووپە ماوییەکان، دارایی دەوڵەمەندەکانیان زەوتکرد، فرۆشگاکانیان تاڵانکرد و کاڵاکانیان لەناو خەڵکی دەسکورتدا دابەشکرد، و دادگای شۆڕشگێڕیی خەڵکیان دانا بۆ دادگاییکردنی بۆرژواکان و کارگوزارەکانیان، سارتەر هیچ دژایەتییەکی پیشاننەدا. گەرچی ئەم کارانە بەتەواوی لەگەڵ سیستەمی بیرکردنەوەی ئەودا نەدەگونجا، بەڵام بۆ دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە قەدەغەکراوەکەیان هاتە سەرجادە و دابەشیدەکرد.

**پرسیار: دواجار، دەگەینە سەر دەیەی حەفتا.**

لەم دەیەیەدا، هاوکات لەگەڵ کزبوونی ڕەوتە توندڕەوە چەپەکاندا، سارتەریش لە جۆشوخرۆش کەوت، و وردەوردە چالاکیی سیاسیی خستەلاوە. ئەمە هاوشانی نەخۆشییەکەی چاوی کە سەرەنجام بووە هۆی نابیناکردنی؛ کەمکەم بەرەو گۆشەگیریی برد. دوایین کاری ئەوە بوو، کە لەساڵی ١٩٧٥دا لەگەڵ ڕیمۆن ئارۆن-یاوەرە هەمیشەییەکەی-کەوتە بەرگریکردن لە پەنابەرە ڤێتنامییەکان، کە لەڕێگەی بەلەمەوە گیانی خۆیانیان دەخستە مەترسییەوە تاکو لەو وڵاتە هەڵبێن.

سەرچاوە:

- سایتی بنیادباران، سازدانی(عەبدولوەهاب ئەحمەد)، مۆریم، کۆمەڵناسی دانیشتووی پاریس.